# عەزیز گەردی ڕەزێکی بەبەرهەم لە دامێنی قەڵادا

یوسف محەمەد بەرزنجی




تێوەردان(مداخله):

نەتەوە چۆن خاوەنی زمان و کەلتوورو خاک و سەروەرییەکانی دیکەیە، نێوەندی ڕۆشنبیری و ڕوناکبیریش بەهەمان شێوە خاوەنی سامان و بەهاو و گەنجینەی مەزنی عەقڵی و داهێنانی تایبەت بەخۆیەتی. ئەدیب و شاعیران و نوسەران هونەرمەندەکان بەهەموو بوارو نێوەندو ڕێچکەکانیەوە، سامانی نیشتمانیی و سەروەری و گەنجینەیی لەبننەهاتووی گەلەکانیانن، پارێزگاریکردن لەدەستکەوت و سامان و گەنجینەی وڵات و نەتەوە، بەستراوەتە بەپلەیەکی بەرز بەکەسایەتییە دەست ڕەنگین و داهێنەرو بەبەرهەم و ماندووەکانی ئەم نێوەندەوە، پێشکەوتن تەنیا لە بواری تەکنەلۆژیاو باڵەخانەو پرودو تونێل و ڕێگاوبان و ئابووری و پیشەسازیدا نیە، بەڵکو بەشێکی گەورەو گرنگی بەر نێوەندی ڕوناکبیری و داهێنانی عەقڵی و هزری مرۆڤ و کەسایەتییەکانی دەکەوێت، ئەوەی لەم دونیا جەنجاڵ و پرکێشمەکێش و خۆخواردنەوەو داڕوخانەی مرۆڤ و وێران بوونی نیشتمان و کاوول بوونی شارستانییەکاندا دێتەدی و مرۆڤایەتی بۆنی پێوەناوەو مرۆڤایەتی لەدامێنی شەڕێکی خۆکوژیدا چاوڕێیەتی و چەکە کۆکوژو ناوکییەکان لە ئامادەباشیدان لەبەرانبەر یەکترداو لە ڕۆژو ساڵ و چرکەوکاتی نزیک بونەوەیدایە بۆ وێران بوون و کاولبوونی گۆی زەویی و مرۆڤایەتی. ڕەنگە لەئان و

ساتدابێت، بۆ تێکوپێکدانی مرۆڤایەتی و شارستانیەتی هەزاران ساڵەو بۆ بەخۆڵەمێش بوونی گەردون بەهەموو زیندەورانی زیندوو مردووییەوە، بەخاکیشەوە، بەڵام ئەوەی ئەمرۆ بۆ پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چونی کۆمەڵگەو مرۆڤایەتی تێدەکۆشێ، هزرمەندو نوسەرو ڕوناکبیرو هونەرمەندەکانن، کە لەسەردەستی بەرهەمی هزری ئەواندا گەلان و میللەتان هەنگاوی گەورەی پێشکەوتنیان بەسەخاوەتەوە بڕیوەو لەمەنزڵگەی سەروەری و وچانی بەرزدا بۆدونیای پێشکەوتن دەڕوانن و لەخەونی گەوردا دەژین.

<u>عەزیز گەردی وەک نمونە:</u>

عەزیز گەردی، پیاوێکی دەگمەن، ماندو بێدەنگ و سادەو ساکار هێمن دورەپەرێزو خۆدەرنەخەر، عەقڵێکی ناوازەو بەخزمەت بۆگەلەکەی، بەرهەمەکانی بەقەد باڵای مرۆڤێکی کوردە، زاناو زمانزانە، لەئینگلیزی و فەرەنسی، فارسیی، عەرەبی، ئازەری، کوردی... ڕەنگە کەمم گوتبێت دەزانێت، تائێستا لەشاشەیەکی تیڤیەکەوە نەبێنراوە، لەکۆڕێکدا دەرنەکەوتوو، بەڵام دەیان کتێبی بۆکتێبخانەی کوردی نوسیوەو وەرگێڕاوە، هەموو چاپکراوەکانی خۆیی بەهەوڵوماندوبوون و شەونخونی و پڕ ئازار و خەونی مەزنەوە چاپکردووە، ئەو دکتواری هەیە، بەڵام قەت لەهیچ کتێبێکیدا، لەسەر ڕوو بەرگی چاپکراوێکیدا دالێک بۆپێشخانی ناوەکەی دانەنراوە، عەزیز گەردی کوڕی لادێ و شارە، بەڵام خەمی ئەو کتێب و خوێندەواری و پێشکەوتنە بۆ گەلەکەی، ئەو بەمامۆستایەتی دەیان نەوەی شارو گوندی تا زانکۆ پێگەیاندووە، ئەوەندەی بەخەمی خوێندەوارییەوە بووە، نیوئەوەندە بەخەمی خۆیەوە نەبووە، ئەو پیاوێکی مەزنە سامانی گەورەو گەنجینەی نەبڕاوەی ئەم گەلەیە، چۆن ئاسایش وئارامی بۆپێشکەوتن بەنرخ و بەکەڵکە، نوسەران و ڕوناکبیرانیش بۆ گەل بەکەڵک و بەسودن، نابێت ئەم گەنجینەو سامانە نەتەوییانە فرامۆش و پەراوێز بخرێن، تکایە عەزیز گەردی کەوەک ڕەزێکی بەردارو گوڵێکی بۆنخۆشە فەرمامۆش مەکەن و بەهاناییەوە بچن، چونکە ئەم سامانەگەورەو مەزنانە تا سەدەیەکی تر ڕەنگە دروست نەبنەوە، تا لەژیاندان ڕێزیان بگرن و بەسامانی گەل وخاکی خۆتانی بزانن و بابیرنەچنەوە.

***

عەزیزگەردی و یادەوری:

لەسەرەتایی ساڵی هەشتاوە مامۆستا عەزیز گەردی دەناسم، چەند جارێک لەناحیەی بەحرکە مەنزڵگەو زێدی خۆیی سەردانم کردووەو بەخزمەتی گەیشتووم، لەگەڵ مامۆستای پارێزەرو خەمخۆری مێژوو کەلەپوورو دڵسۆز مامۆستا (عەبدولڕەقیب یوسف)سەردانم کردووەو بەسەرمان کردۆتەوە، کاتێک مامۆستا لەزانکۆی موسڵ قوتاییی بوو لەبەشی فەرەنسی، لەیەکەم ساڵدا کتێبێکی لەفەرەنسییەوە کردە عەرەبیی و لەزانکۆ بەهۆی لێهاتووی و توانای ئەم کەسایەتیە لەقۆناغی یەکەم بەرزکرایەوە بۆقۆناغی سێیەم و ڕێزی لەزانکۆ لێگیراوەو بەبەهای بەرزەوە سەیری کرا، ئەوکاتانەش دەهاتە سلێمانی چەندجار لەگازێنۆی گەل و میوانخانەکەی میرزاحسێن، ئوتێلی گەل یەکترمان بینیوە، ئەو کاتەی سەرەتای ساڵانی هەشتاکان، (ئەدەبی بێگانان)ی چاپکرد بەچەند بەرگێک و (داغستانی من)ی ڕەسوڵ هەمزەتۆڤی لەئینگلیزییەوە وەرگێڕاو چاپ و بڵاو کردەوە، زیاتر ناسراو ناوی لەنێوەندی ئەدەبیدا لەدرەوشانەوەدا بوو، مامۆستا عەزیزم کاتێک ناسی گەنجێکی 14 ساڵان بووم، زۆر سەرسام بووم بەزمان پاراوی و سادەیی و لەسەرخۆیی و دەوڵەمەندو کامڵ لە مەعریفەدا، ئەوکاتەی (کتێبخانەی خاکی)مان لەگازێنۆی گەل هەبوو لەگەڵ شەهید مەحمود خاکی، لەشەقامی مەولەوی تەنیشت پۆستەی سلێمانی، سەردانی دەکردین و دەمانبینی و بەخزمەتی دەگەیشتین، هەرکاتێک هاتبێتە سلێمانی سەردانی مامۆستای شوێنەواروناس و مێژوو پەروەر مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسفی کردووە، ئەوەندەی بزانم ئەم دوکەسایەتیە زۆر ڕێزو خۆشەویستی لەنێوانێدا هەیە.

***

عەزیز گەردی کێیە:

عەزیزگەردی، پیاوێکی بێگەردە پاکە دڵسۆزە ناوی(عەزیز ئەحمەد عەبدوڵڵا)یە ساڵی 1947لە بەحرکە لەدایک بووە، ساڵی 1968 هاتونەتە شاری هەولێر، بەڵام زۆری بنەماڵەکەیان هەر لەناحیەی بەحرکە ماونەتەوەو بەکاری ئاژەڵداری و جوتیارییەوە سەرقاڵبوون، قۆناغەکانی خوێندنی تا ئامادیی لە (بەحرکە) تەواوکردووە، ساڵی 1971 بۆتە ئەندامی یەکێتیی نوسەرانی کورد،ساڵی 1976 بۆتە ئەندامی ڕۆژنامەنوسانی عێراق،

ساڵی 1984 بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی وەرگێران، سەرپەرشتی دەیان قوتابی کردووە بۆ نامەی ماستەرو دکتۆرا، بەکالۆریۆسی لەبەشی فەرەنسی زانکۆی موسڵ لە ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە. ساڵی 1994 ماستەری بەدەستهێناوە، 1999 دکتۆرای بەدەست هێناوە لەسەر(سەروا) ساڵی 2009 بۆجاری دووەم دکتوارای لەزانکۆیی کۆیە، لەسەر (ڕۆمیۆ و جوولیەت و مەم و زین): لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە بەدەستهێناوە، لەزۆرێک لەقوتابخانەکان مامۆستایەتی کردووەو وانەی وتۆتەوە، دوای ئەوەی زانکۆی تەواوکردووە بۆتە مامۆستای کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەڵاحەددین، وەیەکێکە لەنوسەرە جدی و پڕ بەرهەمەکان لەنوسین و وەرگێڕاندا، دواپلی زانستی پرۆفیسۆر بووەو لەئێستادا خانەنشین بووە، بەداخەوە بەهۆیی نەخۆشیوە ڕۆژی دووشممە 6-6-2022. ماڵ ئاوایی کردو بەجێیهێشتین، زۆرێک لەکەس و لایەن و دەزگاکان ویستویانە ڕێزلێنان و بۆنەی بۆ سازکەن، بەڵام ئەو ڕەتی کردۆتەوەو رازی نەبووە، ئەو هەمیشە دەڵێت: بەرهەمەکانم ماندوبوونم حەزی خۆمەو منەت بەسەرکەسدا ناکەم.

داغستانی من و نامەیەک:

کاتێک (داغستانی من)ی ڕەسوڵ هەمزەتۆڤ، لەلایەن مامۆستا عەزیز گەردییەوە چاپ و بڵاوکرایەوە، لەمانگی (9)ی ساڵی 1985، بۆهێنانی کتێبەکەی سەردانی شاری سلێمانی کردوو، بەخزمەتی گەیشتم و داوام لێکرد ژمارەیەکی زۆر لەکتێبەکەیم بۆبنێرێت بۆئەوەی بۆی بفرۆشم و بۆی ساخ بکەمەوە، ئەو پەیمانیدا بۆم بنێرێت ئەوەبوو کەڕۆیشتەوە بۆشاری هەولێر، گەرایەوەو، بەژمارە( 170 )دانەی بۆهێنام منیش هەموویم بۆفرۆشت و بە بەڕێز هیمداد حسێن کە ئەو کاتە قوتابی زانکۆی سەڵاح ددین بوو، لەکۆلێژی ئاداب بەشی زمانی فارسی و هاوڕێی قوتابیان خوالێخۆشبوو سابیر شێخ حسێنی حاجی مامەندی و دکتۆر عەتا ڕەشید حسێن بوو، لەهەمان کۆلیژو جارجار دەهاتە سلێمانی، پارەی کتێبەکانم بەشێکی فرۆشراوی بۆناردو پاشتر ئەویشم بۆنارد، ئەویش پاشتر داغستانی من، بەرگی دووەمی بەکاغەزی بۆر چاپکردبوو، بەڵام بەپەڕەی سپی و جیاواز لەچاپەکەی دانەیەکی بۆناردم، ئەم نامەییەی کەدەیخوێننەوە باسی دکتۆر هیمداد حسێن و ( 170 )ژمارە داغستانی من و کتێبە فرۆشراوەکان دەکات مێژووی نامەکە وەک بەڵگەو دیکۆمێنت بۆ بەرواری

14| 9| 1985 دەگەڕێتەوە، کتێبی (داغستانی من)ی 25| 9 | 1985 بەدیاری و پێشکەش بۆی ناردم تائێستا لەلام پارێزراون.

***

<u>هەولێر</u>

١٤|٩|٩٨٥

بۆکاک یوسف محەمەد، کتێبخانەی خاکی

سڵاو...

.کاک یوسف کەداغستانەکەم

هێنا سلێمانی( 170 )دانەم لات

بەجێ هێشت. نازانم چیت لێکردون؟

ئایا بەکتێبخانەکانت فرۆشتوە یان

لای خۆت ماوەتەوە؟

ئەگەر فرۆشراوە پارەکەم بۆ بنێرە

ئەگەر نەفرۆشراوە حەزدەکەم

بزانم چی بەسەرهاتوە.

.وەعدم دابوو کەدانەیەکی سپی

داغستانت بۆ بنێرم، ببورە

کەنەمنارد، چونکە پێ ڕانەگەیشتم...

ئێوارە بوو، کاک هیمداد گوتی:

بەیانی دەچمە سلێمانی پێ ڕانەگەیشتم

بچمەوە ماڵێ ...

براکەت عزیز گەردی

***



ئەم وڵاتە
١٩٨٥/٩/١٤

بۆ کاک یوسف محمد، کتێبخانەی خاکی

سڵاو ...

- کاک یوسف لە [illegible]
فریا سلێمانی (١٧٠) دینارم لات
بەجێ هێشت. نازانم چیت لێ کردووە؟
ئایا بە کتێبخانەکانت فرۆشتووە یان
لەوێ هەر ماوەتەوە؟
ئەگەر فرۆشراوە پارەکەم بۆ بنێرە
ئەگەر نەفرۆشراوە هەر [illegible]
نازانم چی بەسەرهاتووە.

- وەڵامم دایەوە کە [illegible]
[illegible] بۆ بنێرم، ببوورە
...

بچمەوە ماڵێ ...
براکەت عزیز گەردی

کۆپی دەستخەتی نامەکەی دکتۆر عەزیز گەردی

نامەیەک لەسلێمانییەوە:

٢٠٢٢|٦|٦

بۆ دکتۆر عەزیز گەردی ئازیزم

پاش سڵاورێز....

دکتۆرگیان من گەنجێک بوو تۆم ناسی، سەرەتا بەرهەمەکانتم بینی و خوێندمەوەو پاشان خۆتم بینی و تۆم خۆشویست، کاتێکیش بویت بەهاورێم و بەرهەمەکانتم لەئامێزی خۆشەویستی و خوێندنەوەدا لە ئامێزگرت، زیاتر بەتۆ و بەرهەمە بێوێنەو نایابەکانت و بەزمانە بێگرێو گۆڵەکانت سەرسام بووم، زیاتر تۆ وەک گەنجینەو سامانێکی ئەم گەلە لام گەورەترو گەورتربویت و بوێتە یەکێک لەمەزنەکانی نێو کتێبخانەی کوردی کەمەڵۆیەکی گەورەت بەوێنەی ڕەشکەیەک گەنمی قەندەهاری بەگوڵەوەت خستە نێو خەرمانی پڕبەرەکەتی کتێبخانەی کوردییەوەو ئەو خەرمانە مەعریفی و ڕۆشنبیرییەت دەوڵەومەند و دەوڵەمەند ترکرد، کەئێمە شانازی بە بوونتەوە دەکەین، ئێستا کەتۆ لەنێوجێدا بەدەم ئازارەوە دەتلێیتەوەو لەبەرگریدای، ئێمە خەمێکی قوڵمان لەناخدا هەڵگرتووەو چاوەڕێی سەرفرازی و چاکبوونەوەی تۆ دەکەین، تا دەست بدەیتەوە ژێربالی خەرمانی پڕبەرەکەتی مەعریفەو زانستت، دوبارە وەک ڕەزە بە بەرهەمەکەی دامێنی قەڵای سەربەرزی هەولێرەکەمان بت بینین.

دکتۆرگیان، ئێمەی خوێنەرو قوتابیەکانت، تۆمان خۆشدەوێت و تۆمان لەیادەو قەت بیرمان ناچیتەوەو فەرامۆشت ناکەین، خوازیاربووین بەزوترین کات بەتەندروستییەکی باشەوە، بتبینین و بەدیدارت شادبین، بەڵام بەداخەوە زوو بەجێدهێشتین و ئێمەت لەبێنازی کتێب و وەرگێڕاندا بەجێهێشت. یادت بەخێر و ڕۆحت ئارام.

***

یوسف محەمەدبەرزنجی

سلێمانی٦|٦|٢٠٢٢

***









<u>*بەشێک لە بەرهەمەکانی مامۆستا عەزیز گەردی:</u>

<u>نوسین ولێکۆڵینەوە</u>

- ئەدەب ورِخنە ساڵی ١٩٧٤

-پەخشانی کوردی ساڵی ١٩٨٧

-ڕەوانبێژی ٣ بەرگ ١٩٧٩.١٩٧٢

- ئەدەبی بەراودکاری، ساڵی ١٩٧٨

- سەروا ساڵی ١٩٩٨

-خشتەکانی شمشارە، ساڵی ١٩٩٩

- کێشی شیعری کلاسیکی کوردی بەراودکردنی لەگەڵ عەروزی عەرەبی ساڵی ١٩٩٩

-تاکێشی ناکانۆو ناوۆشی کورییاما، ساڵی ١٩٩٩

- رابەری کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی ٢٠٠٣

- دیوانی عاصی، ساڵی ٢٠٠٨

-کێشناسی کوردی، ساڵی ٢٠١٣

- شیخ ڕەزای تاڵەبانی، لێکۆڵینەوە.

-هەندێ بەستەی کوردی، ساڵی، ٢٠١٥

-چرای دڵان، ساڵی ٢٠١٥

-فەرهەنگی کێشناسی، ساڵی 2016

-فەرهەنگی مەم وزینی خانی، ساڵی ٢٠١٦

***

وەرگێڕان:

- سێ نیگار، چیرۆکی بەلەکاییف، ساڵی ١٩٧٦

-بەشێک لەدیوانی میهرساڵی١٩٧٧

- چەشەی ئەدەبی،ئارنۆلد بێنێت، ساڵی ١٩٧٨

-بەرازەوان، ئەندرسن ١٩٧٩

- چیرۆکی بەرئاگردان، برایانی گریم، دوو بەرگ ساڵی ١٩٧٩- ١٩٨٦

- قورینگ، هانز ئەندرسن، ساڵی ١٩٧٩

- جوتیارێکی زیرەک، ١٩٧٩

- ئەدەبی بێگانان ٥بەرگ ١٩٨٢-١٨٣

- ئافرەتی کورد لەتورکیان، لویسی گرانیت ١٩٨٣

- سێ تراژیدیا، لۆرکا ساڵی١٩٨٤

- کچانی کورد، هێنی هەرۆڵدهەنسن، ساڵی ١٩٨٤

- داغستانی من، ڕەسوڵ هەمزەتۆڤ، دوو بەرگ ١٩٧٩- ١٩٨٥

- چیرۆکەکانی ئیزۆپ، برایانی ئیزۆپ ساڵی ١٩٨٤

- ژیانی ئافرەتی کورد، هێنی هارۆڵد هانسن، ساڵی ١٩٨٤

- شازادەی حەڵوافرۆش، سەمەدی بهرەنگی،بهروزدهقانی، ساڵی ١٩٨٨

- یەک چیای گەوهەر، ئەفسانە، ساڵی ١٩٩٩

- کۆمەڵی لادێی کوردستانی هاوچەرخی عێراق بەرامبەر نوێبوونەوە،لیژەک ژیکیل ساڵی١٩٩٩

- چیرۆکەکانی کریلۆڤ، ساڵی ٢٠٠٠

- گوندوشارۆچکەکوردییەکان، ساڵی ٢٠٠٠

- ئەفسانەی کوردی، م.ب ڕۆدینکۆ، ساڵی ٢٠٠٠

- ئەفسانەو ڕازی کوردی، عەلی ئەشرەف دەروێشیان,ساڵی ٢٠٠٠

- گاڵتە بەچەک، جیمس ئۆڵدج، ساڵی ٢٠٠٠

- لۆرکا، زەماوەندی خوێن، شانۆ، ساڵی ٢٠٠٢

- کوردو زمانی کوردی،توفیق وەهبی، ساڵی ٢٠٠٢

- ئەفسانەی رازی،عەلی ئەشرەف دەروێشیان، ساڵی ٢٠٠٣

-هونەری شیعر، ئەرستۆ، ساڵی ٢٠٠٤

- ئەفسانەی لوڕی،داریوشی ڕەحمانیان، ساڵی ٢٠٠٤

- کاریگەری گۆرانی لەسەر کوردیی ناوەڕاست، میشیل لیزنبێرگ ساڵی ٢٠٠٤

-خاکەکەماچ بکە، ئەلیزا لاریاد، ساڵی ٢٠٠٤

- چەند لاپەڕەیەک لەسەربردەی خۆم، سدرەددین عینی،ساڵی ٢٠٠4

- کوردو زمانی کوردی، توفیق وەهبی، ساڵی ٢٠٠٥

- ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردی ڕەواندز،ئي. ئار لیچ ساڵی ٢٠٠٥

- ئەفسانەی ئەرمەنی (چارلز دونیتگ)ساڵی ٢٠٠٦

- زارا عەشقی شوان، (محەمەد قازی) ساڵی ٢٠٠٧

- درەختی چل داستان، ساڵی ٢٠٠٧

-قەڵەم وقامیش، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، ساڵی٢٠٠٧

- ئەفسانەی هەنگاری، فال بیرۆ، ساڵی ٢٠٠٨

- ژیان و جەنگ و هیچی تر (ئۆریانا فالاجی) ساڵی ٢٠٠٨

- دەنکە هەنار،کۆمەڵێک ئەفسانەی ئازەربایجانییە،ساڵی ٢٠٠٨

- داستانی حسێن کورد وچەند هەقایەتێکی تر، ئەحمەد ئازەر ئەفشار، ساڵی ٢٠٠٨

- ئەفسانەی کوردی، ئۆدیخانی جەلیل، ساڵی ٢٠١٠

-شێخی سەعدی، ملا مستەفا قازی،فەرهەنگۆک، عەزیز گەردی، ساڵی ٢٠١١

-ئاشورا،عەلی ئەشرف دەروێشیان، ساڵی ٢٠١١

- وەرزی نان، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، ساڵی2011

-ئەفسانەی چینی، ساڵی ٢٠٠١١

-تەلخون، سەمەدبهرنگی، ساڵی ٢٠١١

-ئەفسانەی پێست سورەکانی ئەمریکا،ویلیام ترۆیـچ لارند، ساڵی ٢٠٠١١

-ئەو پیاوەی بە تەنیا سەفەری کرد (کۆنستاتین گریگۆ) (ڕۆمان) سالی ٢٠١١

- پیاوێک (ئۆریانا فالاچی) (ڕۆمان)، ساڵی ٢٠١١

-ئەفسانەی لادێنشینانی کورد، مەنسووری یاقووتی، ساڵی ٢٠١١

-توشابباڵندەی سەیرو سەمەرەی زاگرۆس، مەنسوور یاقووتی، ساڵی٢٠١١

- چرایەک لەسەر هادیان کۆ، مەنسوری یاقووتی،ساڵی ٢٠١٢

-ڕەگەزی بێکەڵک، ئۆریانا فالاجی، ساڵی ٢٠١٢

- هەقایەتی کوردی، جۆیس بلۆ، ساڵی ٢٠١٢

-ئیشک سوکان، ئەفسانەی ئەستەنبوڵی، ساڵی ٢٠١٢

- ئەفسانەی تورکی، ساڵی ٢٠١٢

-ئەفریقی،ساڵی ٢٠١٢

- ئەفسانەی ئەڵمانی، بەرباره لیۆنی پیکارد،ساڵی ٢٠١٢

-پەنەلۆپە له جەنگدا (ئۆیانا فالاجی)،ساڵی ٢٠١٢

- هەقایەتی بەغدایی، نب نستاس ماری کەرمۆ، ساڵی ٢٠١٢

- بەرکوتێکی ژیانم،یەڤیتۆشینکۆ،ساڵی ٢٠١٣

-ئەگەر خۆر بمرێ (ئۆریانا فالاچی) (ڕۆمان)ساڵی ٢٠١٣

ئەفسانەی ژاپۆنی، فیلیسیان شالی، ساڵی ٢٠١٢

-بوکۆکەی قسەکەر، ئەلکسەندەر ئاڤاناسیێڤ، ساڵی٢٠١٣

- نامەیەک له پەکینەوە پیرل س بک (ڕۆمان) ساڵی ٢٠١٣

- هەقایەتی کوردەواری سێ دەتمام ساڵی

-هەقایەتەکانی مەشدی گەلین خانم، ل.ب، ستن، ساڵی ٢٠١٣

-حاجی موراد، تۆلستۆی (رۆمان) ساڵی ٢٠١٤

-هەقایەت وئەفسانەی کەنەدایی، ساڵی ٢٠١٤

-قوتیل (ئەلفۆس دۆدێ)ساڵی ٢٠١٤

-قۆڵبڕ (عەزیز نەسین)ساڵی ٢٠١٤

-گێلەکانی سینگەر، گێلەکانی چێلم و مێژوویان، ساڵی ٢٠١٤

- نامەیەک بۆکۆرپە نێرینەیەی هەرگیز لەدایک نەبوو، ئۆریان فالاجی، ساڵی ٢٠١٤

-ئەفسانەی سلاڤی،پاڤۆڵ دۆبشسکی، ساڵی ٢٠١٤

-لاوەچ ، مەنسوری یاقووتی، ساڵی ٢٠١٤

- کرمانج، مەنسوری یاقووتی، ساڵی ٢٠١٤

-کچەی فەرماندە (پۆشکین) ساڵی ٢٠١٥

-کۆمیدیا دوو بەرگ (دانتی ئەلیگیری) ساڵی ٢٠١٥

-ئەفسانەی فیرعەون،جورج کنڤاڵ، ساڵی ٢٠١٥

-ئەفسانەی هیندی، ساڵی ٢٠١٥

- پیاوانی بەیانی، مەنسووری یاقوتی ،سالأی 2015

--ئەفسانەی مازندەرانی،تورکمەن سحرایی، ساڵی ٢٠١٥

-ئەفسانەی ئێرانی، ئارتەر مانوێب کریستن سەن، ساڵی ٢٠١٥

-جۆڵای ئازا،کۆمەڵێ نوسەر، ساڵی ٢٠١٥

-حەفت گفتوگۆ،ئۆریانا فالاجی، ساڵی 2015 )

شا عەباسی گەورە، د.بەدیع محەمەد جومعە، ساڵی ٢٠١٥

-پیاوانی بەیانی، مەنسووری یاقووتی، ساڵی ٢٠١٦

-ماینی چل جوانوو، مەنسووری یاقووتی، ساڵی ٢٠١٦

-لەگەڵ منداڵانی گوندەکەماندا،مەنسووری یاقووتی، ساڵی ٢٠١٦

-ساڵانی هەورین دوو بەرگ (عەلی ئەشرەف دەروێشیان)ساڵی ٢٠١٧

-سولی ١٨(عەلی ئەشرەف دەروێشیان) ،ساڵی ٢٠١٧

-خواو شەیتان، تۆڵستۆی، ساڵی٢٠١٧

-هەندێ خەڵک بەچی دەژین، تۆلستۆی، ساڵی٢٠١٧

-گفتوگۆ لەگەڵ مێژوودا (ئۆیانا فالاجی) ساڵی

-بیرەوەرییەکانی مامۆستایەک، ساڵی

- بەرنامەی خوێندن، تولستۆی، ساڵی ٢٠١٨

- پڵنگ لە ڕۆژی دەیەمدا (کۆمەڵە چیرۆک) زکریا تامر، ساڵی ٢٠١٨

-چیرۆکین ناو بەندیخانە، ساڵی

- رۆمیۆو جولێت،ولیم شکسپیر، ساڵی ٢٠١٨

- قەننە، ڤلادمیرهەڵپاچ، ساڵی ٢٠١٨

-گەشتەکانی گەلیڤەر، جوناتان سویفت، ساڵی ٢٠١٩

- لەشکری روسی لە جەنگی عێراقدا، ساڵی

- هەندێ چیرۆکی ئیزۆپ، ساڵی ٢٠١٧

-مەسەلەکە،هینری ئەلیک، ساڵی ٢٠١٧

-یەزداندۆخت، سلێمان سایغ، ساڵی ٢٠١٨

-ئەوپیاوەی بەتەنیا سەفەری کرد، کۆنستانتین گیۆرگیۆ،ساڵی٢٠١٩

-بەرسیلە، زەکریا تامر، ساڵی ٢٠١٩

-ئای لەئێمەی کەر، عەزیز نەسین، ساڵی ٢٠٢١

***

سەرنج: ئەم وتارە بەرلەمەرگی ناوادەی مامۆستا دکتۆر عەزیز گەردی نوسراوە، بەداخەوە ڕۆژی دووشەممە٦-٦-٢٠٢٢ کۆچی کردوو بەجێیهێشتین... بۆیە کاتی وەفات و لەدونیا دەرچونم بۆ زیادکرد.

***

٢٠٢٢-٥-٥



دکتۆر عەزیزگەردی ماڵئاوا...

٦-٦- ٢٠٢٢